# جیهانی منالان

گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەریە دەربارەی لاوان و بەساڵاچوان

ژمارە 24




## خەتەنەکردنی کوڕان

***Barnens värld är en tidskrift***

***Om barnens livsvillkor världen över***

ژیانەوەو نوێژەنکردنەوەی
گۆڤاری جیهانی منالان



# سڵاوێک لە میرزا عەلی کیتابی

من لە گەڵ دەنگی تۆ و تەلەفونەکانت زۆر لەمێژە ئاشنام. ئەم ساڵانەی دوایی کە لە کوردستانی باشوور نیشتە جێ بووی هەموو جارێ لەسەفەرەکانت دا بۆ سوئێد بنباخەڵێک کتێب، گۆڤار و سی.دی.ت لە کارەکانت بە دیاری بۆ دەهێنام. ئەوەی تۆی زۆرتر و زۆرتر لە لای من ئازیز دەکرد ئەوە بوو کە لە دەربیجەی مناڵانەوە سەیری دنیات دەکرد و ئەوەی لەدەستت دەهات لەم دنیا مناڵ ئازار وگرژەدا بۆ ئەوانت دەکرد. من ئەو کات و ئێستەش و لە داهاتووشدا و هەتا ماوم ئەو سەرسامیەم بە تۆ هەر دەمێنێ کە ئەم هەموو هەستە ئینسانی، جوان و پڕ لەخۆشەویستیەت دەرحەق بە مناڵ لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت.

میرزا عەلی!

تەلەفونەکەی دوێ شەوت زایەڵەی غەمێکی نامۆی بە گوێدا چرپاندم کە مچوڕکیێکی ساردی لە چەشنی مچوڕکەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی کردەوە میوانی دڵم، لەو مچوڕکانەی کە لە کاتی هەرەس هێنانی قامەتی خۆشەویستێک بە گیانمدا دەگەڕا. من قەت لە گەڵ زایەڵەی ئەم چەشنە غەمە ڕانەهاتم هەرچەند لە وەتەی تەمەنی خۆم وەبیر دێ هیچ وەخت بەجێی نەهێشتووم. من زۆرتر لە گەڵ دەنگی پڕ لە ئومێد و هیوابەخشی تۆدا تەبام.

میرزا عەلی!

پێویست بە وەبیرهێنانەوەی من ناکا تۆ خۆت قارەمانی چیرۆکێکی دوورو درێژ لە تێکۆشان، بە گژداهاتنەوە، سەرکەوتن، شکست، دیسان هەستانەوە و سەرلەنوێ بەگژداهاتنەوەی. ڕایەڵی پۆی سەرجەمی ئەم چیرۆکە، خۆشەویستیت بە ئینسان، تێکۆشانت بۆ ژیانێکی تەسەل و بێ ئازار بۆ گشت تاکەکانی نێو کۆمەڵ بووە و هەیە. ئەم جیهانە بە بوونی کەسانی لە چەشنی تۆ خۆش و بۆ حەوانەوە دەبێ. من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەم هەموو ڕێچکە باریک و شەونەبیانەی ژیاندا تووشی تۆ هاتم و بوومە هەڤاڵێکی بچووکی تۆ لەم کاروانەی کە تۆ زۆر بەر لە ئێمەمانان ڕێڕەوی بووی و هێشتاش هەر لەڕەوتایە.

لە باوەشمت دەگرم و هەر بۆمان بمێنی.

بازگر 22ی مانگی ئاگوستی 2017/



# خەتەنەی کوڕان

سلێمان قاسمیانی

خەتەنە یەکیک لەو سوننەتە ئایینیانەیە کە دوای هەزاران ساڵ، هەر ماوە و ژیانی قوربانییەکانی تاڵ دەکا. خەتەنە مێژووەکەی زۆر لە ئایینە وەحدانییەکان کۆنترە و بە پێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و مۆمیاکانی بەجێماو لەو سەردەمە، دووهەزار ساڵ بەر لە مێژووی زایینی لە نێو میسرییەکاندا باو بووە. ئایینی یەهوودی زۆرێک لە سوننەتەکان و بۆچوونەکانی ئەو سەردەمەی فیرعەونەکان ڕەچاو دەکا کە خەتەنەی کوڕان یەکێک لەوانە. ئایینی ئیسلامیش بە پەیڕەوی لە ئیبراهیمی پێغەمبەر ئەم سوننەتە دەپارێزێ. مەسیحییەکان لەم سوننەتە ئایینەییەی دینی یەهوود پاشگەز دەبنەوە و خەتەنە وەک سوننەتی ئایینی ڕەد دەکەنەوە.

لە خەتەنەی کوڕاندا پێستی سەری گۆپکە لادەبردرێ. لە نێو یەهوودییەکاندا بەر لەوەی حەوتووی کوڕەکە تێپەڕێ، خەتەنە دەکرێ. سوننییەکان لە شەش ساڵیدا کوڕەکان خەتەنە دەکەن.

هۆی خەتەنە لە ڕاستیدا تەنیا سوونەتێکی کۆنی ئایینییە. ئەڵبەت ئێستا کەم نین ئەوانەی کە بە بیانووی نیوە زانستی و پاکی و سلامەتی، پاکانە بۆ ئایین و بۆ ئەم سوننەتە نائینسانییە دەکەن. دەڵێن پێستی سەر گۆپکە، چڵک و پیسایی لە ژێر خۆیدا کۆ دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نەخۆشی جۆراوجۆر. لەم ئیددیعایەدا یەک ڕاستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گۆپکە خاوێن ڕانەگیرێ، مومکینە زەکەر تووشی نەخۆشی بێت.

سەیر نییە ئەگەر ئەم سوننەتە لە ڕاستیدا بەدوای نەخۆشی زەکەردا بڕیاری لە سەردرابێت. مرۆڤی چەن هەزار ساڵ لەمەوپێش لە جیاتی چارەی دەرد، بەشێک لە لەشی دەردەداری خۆی هەڵدەقرتاند. نابێ لە بیرمان بچێ کە مرۆڤی زوو، هەر بەڵایەکی بە سەرهاتبایە، بە پێی لێکدانەوەی ئایینی دەیبردەوە سەر خواستی خوا و تاوانی سەرپێچی کردن لە بڕیارە ئایینییەکان و بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانی دەبوو قوربانی بدابایە.

بەڵام هەر وەک وترا، مەسەلەی خەتەنە نەک بە خاتری خاوێنڕاگرتنی زەکەر، بەڵکوو بە هۆی ئەوەوە دەکرێ کە بڕیارێکی ئایینییە، فەرمانی خوایە، نیشانەی بەندەگی ئینسان و سەردانەواندنی ئەو بۆ خوایە. لە تەورات دا دەوترێ:"خەتەنە، نیشانەی پەیوەندی نێوان ئینسان و خوایە".

خەتەنەی کوڕان ئەمرۆ ئیتر تەنیا سوننەتێکی ئایینی نییە. دەسەڵاتی چەن هەزارساڵەی ئایین بە

سەر خەڵک و کومەڵگەکاندا، کارێکی وای کردووە تەنانەت زۆرێک لەو مرۆڤانەی کە ئایینیش نەبن، کەوتوونە ژێر قورسایی باری سوننەتەکان و رەفتارەکەیان هەر رەنگی ئایینی پێوە دیارە و بە پێی بەهرە و سوننەتە ئایینییەکان دەژین. ئەوانەی کە بە نێوی سڵامەتی و خاوێنییەوە، بەشێک لە پەیکەری منداڵەکانیان دەبڕن و فڕێی دەدەن، چەن شتی سەرەکی لە بیر خۆیان دەبەنەوە.

١- زۆربەی خەڵکانی دنیا منداڵەکانیان خەتەنە ناکەن. ئەو خەڵکانە ئەگەر ساغ و سڵامەتتر نەبن لانی کەم لە باری سڵامەتی جنسی خراپتر لە خەتەنەکراوەکان نین. خەلکانی ئەوروپا و ژاپۆن لە گشت خەلکی دنیا تەمەن درێژتر و ساغترن و خەتەنەش لە نێویان دا نییە!

٢- پێستی سەر گۆپکە بەشێکی پێویست و سروشتی ئالەتی جینسی نێرینەیە. ئەم پێستە سەری زەکەر دادەپۆشێ و مادەیەکی سپی چەور دێنێتە بەرهەم کە لە کاتی نزیکی کردنی ژن و پیاودا، بەر لە وشک بوونی گۆپکە دەگرێ و نزیکییەکە خۆشتر دەکات.

٣- خەتەنە، ئازاردانی جیسمی و نەفسانی منداڵە. ئەوەی کە منداڵەکە دەیبینێ، بێحورمەتی کردنە بە وجوود و گیانی. منداڵەکە وەکوو بوونەوەرێکی بێدیفاع و بێهێز، لە ژێر دەستی دایک و باوک و گەورەساڵاندا زەلیلە. ئەو هەر هاوار دەکات، دەقیژێنێ، ڕادەکات، بەڵام هیچ کەس بە فریای ناگات. دەیگرن، سەرکوتی دەکەن، بە ترسەنۆک ناوزەدی دەکەن، پیشانی دەدەن کە سەرکوتکردنی مرۆڤی ژێردەست و بێهێزکردن و ئیهانەکردن بە مرۆڤی تر شتێکی سەیر نییە!

٤- ئایین مەسەلەی گەورەساڵانە. ئازادی باوەری ئایینی دەکەوێتە خانەی تاک و ژیانی شەخسییەوە. منالان تا ئەو کاتەی منالن، دەبێ لە بەرانبەر هێرش و دەستدرێژی کردنی ئایین و سوننەتەکان بۆ سەر ژیان و گیانیان بپارێزرێن. منال هیچ ئایینێکی نییە چون ناوی خۆی بە خۆیەوە! منالە و توانایی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و هەڵبژاردنی نییە. منال دەبێ لە پێشدا ڕێگەی پێبدرێ گەورە بێ و دوای گەورە بوون، خۆی بریار بدا باوەری بە ئایینێک دەبێ یان نا، ئاخۆدەیەوێ پێستی سەر زەکەری لابا یان نا! ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازار لە هەر شکڵێک دابێ، جێگەی بێزاری و نەفرەتە و هیچ کەس نابێ بۆی هەبێ منال ئازار بدات و گیان و نەفسی تووشی نوقسانی بکات.

سڕینەوەی دەسەڵاتی ئایین بە سەر ژیانی منالان یەکێک لە ئەرکەکانی جوولانەوەی پێشرەو و کریکارییە. ئەمرۆ هیچ جوولانەوەیەکی کومەلایەتی تر لە کوردستاندا نییە کە ئالای پارێزگاری لە ڕێز و حورمەت و مافەکانی منالانی بە تەواوی هەڵگرتبێ. چینی پێشرەو دەبێ جیاوازی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا لە گەڵ کۆنەپەرستی و سوننەت و بەهرە دژی ئینسانییەکاندا پیشان بدا و ئاسۆیەکی نوێ لە ژیانی ئینسانی بنوێنێ.

# مریشکە قوڵە و مام هۆمەر



## سۆران زەکی

هەبوو نەبوو مریشکە قوڵەیەک هەبوو، کە دوای سێ هەفتە کورکبوون حەوت جوجەڵەی ڕەنگاوڕەنگی هەڵێنابوو. بۆ ئەوەی هێلکەکان بتوروکێن و ببن بە جوجەڵە، ماوەی  بیست و یەک ڕۆژ ئەو مریشکە لەسەر هێلکەکان کڕ کەوتبوو و ئەمەش ببووە هۆی لاوازبوون و پەڕوەرینی. دوای هەفتەیەک لە تروکانی هێلکەکان و هاتنە دنیای جوجەڵەکان، هەم مریشکە قوڵە کەمێک هاتبۆوە سەر خۆ و هەمیش جوجەڵەکان ئەوەندە خرپۆڵە ببوون، کە بتوانن بۆ دانخواردن لەگەڵ دایکیان بچنە دەرەوەی ئاوایی.

ڕۆژێکیان کە مریشکە قوڵە و جوجەڵەکان لە خوارەوەی گوند خەریکی چینە و دانخواردن بوون، ڕێویەک سەروسەکوتی پەیدا دەبێت و ئەمەش ترسێکی زۆر دەخاتە دڵی مریشکە قوڵەوە. مریشکە قوڵە ئەوەندەی کە نیگەرانی چاوەڕەنووسی جوجەڵەکانی بوو، ئەوەندە خەمی خۆی نەبوو. ڕێویەکە هەر دەهات و نزیک دەبووەوە. مریشکە قوڵە دەیزانی کە بە ڕاکردن، خۆیی و جوجەڵەکانی دەربازیان نابێت، بۆیە تا ڕێویەکە گەیشتە نزیکیان، بیری لە دۆزینەوەی ڕێگایەک دەکردەوە، کە بتوانێت خۆی و جوجەڵەکانی لە دەست ڕێوی ڕزگار بکات.

کاتێک ڕێویەکە چەند مەترێکی مابوو بگاتە لای مریشکەقوڵە و جوجەڵەکان، بە قەڵامباز هات و خۆی بە مریشکە قوڵە دادا، کە لە ترسی ڕێوی بەچکەکانی لەژێر باڵە جوانەکانیدا شاردبۆوە. مریشکە قەڵە بەلادا هات و جوجەڵەکان هەر یەکە و بۆ شوێنێک پەرتەوازە بوون. مریشکەکە کە لە ترسان تەواو تاسابوو، پێشی بە ڕێویەکە گرت و وتی:

مام ڕێوی، ئەوە تۆ خەریکی چیت؟ ڕێویەکە بە فیزەوە و بە قاقای پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە وتی: جا تخوا ئەوە کەی پرسیارە؟! ڕۆشنە کە کاری ڕێوی مریشک و جوجەڵە خواردنە. ئەوە چەند ڕۆژ

بوو بۆ هەلێکی ئاوا دەگەڕام!

مریشکە قوڵە وتی: بەڵی مام ڕێوی. من دەزانم کاری ڕێوی خواردنی مریشک و کەڵەشێر و باڕۆکە و فڕوجە، بەڵام قەت نەمدیوە و نەمبیستووە، کە هیچ ڕێویەک، مریشکی وەک من ڕوتاوەی بێ گۆشت و جوجەڵەی بچکۆلەی گۆشتنەگرتووی وەک ئەمانەی من بخوات. من پێشنیارێکم هەیە، هیوادارم بتوانیت گوێم لێ بگریت، چونکە بە قازانجی هەردوولامانە. مام ڕێوی، دەکرێ پێشنیارەکەم بخەمە ڕوو؟ ڕێوی وتی: زوو قسەکەت بکە، زۆر برسیمە. دەمەوێ سێ چوار دانە لەو جوجەڵانەت بخۆم.

مریشکەکە وتی: مام ڕێوی، پێشنیاری من بۆ بەڕێزت ئەوەیە کە منی چرچ و لاوازی پەڕوەریو و ئەو جوجەڵە بچکۆلانە نەخۆیت، کە هێشتا گۆشتیان نەگرتووە و لە هێلکەیەک گەورەتر نین. ئاخر ئەوەندە بچکۆلەن، هەمووشیان بخۆیت هێشتا هەر تێرناخۆیت. دەکرێ دوای مانگێکی تر بێیتەوە و لێرە بمانخۆیت؟ ئەوسا هەم من گۆشتم گرتۆتەوە و هەم جوجەڵەکانیشم گەورە بوونە و گۆشتێکی باشمان دەبێت. قازانجی ئێمەش لەوەدایە کە مانگێک زیاتر دەژین.

ڕێوی هەندێک لە جوجەڵە بچکۆلەکان وردبۆوە و کەمێک بیری کردەوە و ئەمجا بە مریشکە قوڵەی گوت: پێشنیارەکەتم پێ باشە، بەڵام درۆم لەگەڵ نەکەیت، ها! خۆت باش دەزانیت ئێوە لە چنگی من قوتار نابن. دوای مانگێکی تر لێرە لەسەر ئەم تەپۆلکەیە چاوەڕێم نەبن، بۆتان دێمە ناو گوند و لە کولانە دەتانهێنمە دەرەوە! تێگەیشتی؟

مریشکە قوڵە کە بەم قسانەی ڕێوی دونیایەک شادمان بوو، خێرا وتی: بێگومان مام ڕێوی. بەسەر هەردوک چاوم. بێگومان هەر هەموومان دوای مانگێکی تر لێرە چاوەڕێت دەکەین. ئەوسا جوجکەکانم بوونەتە باڕۆکە و فڕووج و منیش مریشکێکی گۆشتن.! ڕۆژێکی خۆش مام ڕێوی بۆ تۆی ژیری بەڕێز! ڕێوی خێرا دوای بەڵێنیدانی مریشکە قوڵە، ملی ڕێی گرت و کاتێک لە تەپۆلکەکە ئاوا بوو، مریشکە قوڵە، جوجەڵەکانی کۆکردەوە و بەرەو ئاوایی پێشیانکەوت. کاتێک لە گوند نزیکبوونەوە، یەکێک لە جوجەڵەکان لەدایکی پرسی: دایە، ببوورە کە ئەو قسەیەش دەکەم، بەڵام

بەڕاستی من زۆر زۆر لە تۆ تووڕەم، دەزانی بۆ؟ مریشکەکە وەلامیدایەوە و وتی: دەزانم ڕۆڵە گیان، دەزانم. دەزانم تۆ لەوە تووڕە و دڵگرانیت، کە بەڵێنییم داوە بتاندەم بە ڕێوی، بەلام دڵی دایە، ئێوە پێویست ناکات بەم بەڵێنییە باوەڕ بکەن. من چۆن دڵم دێت جگەرگۆشەی خۆم بدەم بە خەڵکی تر؟!

یەکێکی تر لە جوجەڵەکان وتی: دایە، ئەی تۆ دوێنێ کە چیرۆکت بۆ دەگێڕاینەوە، نەتووت کە مریشک و پەلەوەرەکان نابێ درۆ بکەن و پێویستە ڕاستگۆ و دەمپاک بن؟! مریشکە قوڵە وتی: ڕۆڵە گیان وایە. من ئێستاش دەڵێم دەبێ ڕاستگۆ بین، دەبێ خۆمان لە درۆ و دەمپیسیی دوور بگرین، بەلام ئازیزەکەم، بەداخەوە جاری وا هەیە مریشک ناچاردەبێت بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆی و بەچکەکانی، درۆش بکات. ئاخر ڕۆڵە گیان، ڕێوی کە خۆی کونەدرۆیە و دوژمنی پەلەوەرە، ڕاستگۆیی لەگەڵیدا گەمژەییە، گەمژەیی! گوڵەکەم، ئەگەر بەڵێنییەکی وام بە ڕێوی نەدابا، ئێستا نە خۆم و نە ئێوە لێرە نەدەبووین، بەڵکو گشتمان لە ناو گەدەی ڕێویدا دەبووین. جوجەڵەیەکی تر وتی: کەواتە دایە، ناماندەیت بە ڕێوی، وایە؟ مریشکەقوڵە وتی: نا ڕۆڵە گیان، نا گیانی دایە، بەهیچ شێوەیەک. ئێوە دڵنیا بن، کە من نەک جگەرگۆشەکانم نادەم بە ڕێوی، بەڵکو ئامادەم بۆ پاراستنیان گیانی خۆشم بخەمە مەترسیەوە. پێش ئەوەی کورک بم و ئێوە بتروکێن، من ئاوا لەڕ و لاواز نەبووم. من بە کڕکەوتن و هەڵهێنانی ئێوە ئاوا لاواز و کەمهێز بووم. باوەڕکەن ئەگەر لە توانامدا بوایە، بە دەنووک و قاچ و باڵەکانم، بەگژ ئەو ڕێویە خوێنتاڵەدا دەچوومەوە و درۆشم نەدەکرد. یەکێکی تر لە جوجەڵەکان وتی: دایە، قسەکەی تۆ جوانە. من دەزانم تۆ ناماندەیت بە ڕێوی، بەلام من زۆر لەوە دەترسم ئەو ڕێویە بەدفەڕە بێتەوە و قەپێکمان پێدابکات و تۆش لەڕۆستی نەیەیت؟ دامریشک وتی: ڕۆڵەی دایە، مەترسە، هیچ خەمت نەبێت. باوەڕ بکە ڕێگەیەک دەدۆزمەوە کە ئەو ڕێویە بۆ باوک و باپیریشی تەمبێ بکەم. مەترسن، جارێ مانگێک کاتمان بەدەستەوەیە. وەرن، لاق هەڵێنن با بچینەوە کولانە، خەریکە ڕۆژاوادەبێت. مریشکەکە و جوجەڵەکانی گەیشتنەوە کولانە و ئەو شەوە دامریشک هەر بیری لە پاراستن و دواڕۆژی جوجەڵەکانی دەکردەوە.

ڕۆژێکیان لە قەراخ دێ مام هۆمەری ڕاوچی پەیدا بوو. مام هۆمەر هەستی کرد کە دامریشک وەک جاران کەیفخۆش نیە و غەمگین دیارە. مام هۆمەر سڵاوی کرد و پرسی: دامریشک، ماوەیەکە زۆر غەمگین دیاریت و وەک جاران گارەگار ناکەیت. ئەوە چی بووە، بۆ دڵخۆش نیت؟!

دامریشک سوپاسی مام هۆمەری ڕاوچی کرد بۆ هەواڵپرسیەکەی و بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: ئەوەی ڕاستی بێت مام هۆمەر گیان، کوردوتەنی، لە ئاسمان بۆت دەگەڕام و لە زەوی بەڕێزتم دۆزیەوە! من و جوجەڵەکانم زۆر پێویستییمان بە هاوکاریی بەڕێت هەیە. ئێمە هەموو ژیانمان لە مەترسییدایە. ماوەی سێ هەفتەیەک لەمەوپێش ڕێویەکی گەڕی بەدفەڕ لە دەرەوەی دێ، هێرشی کردە سەر خۆم و جوجەڵەکانم. بەنیاز بوو هەر هەموومان بخوات، بۆیە ناچار بووم بە درۆ بەڵینیی بدەمێ کە دوای مانگێکی تر، کاتێک جوجەڵەکانم گەورە بوون، هەموویانی بۆ بەرمە سەر ئەو تەپۆلکەیە. دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت مام هۆمەر؟ لەو ڕۆژەوە جوجەڵەکانم لە ترسان ژیانیان لێ تاڵ بووە.

مام هۆمەر وەڵامی دایەوە: من بە خۆم و توڵە و تاژیەکانمەوە لە خزمەتتاندام. هەرچی لەدەستم بێت درێغیی ناکەم. من و هەموو دانیشتووانی دێ ئەرکی سەرشانمانە یارمەتی مریشکان بدەین، چونکە مامرەکان بەشێکی گرنگی خێر و خۆشیی ئاواییەکەمانن. مام هۆمەر پرسی: کەی ڕێوی لەسەر تەپۆلکەکە چاوەڕێتان دەبێت؟ دامریشک لە وەڵامدا وتی: دووشەممەی ئایندە، بەیانیەکەی.

مام هۆمەر وتی هیچ خەمت نەبێ دامریشک. جوجەڵە جوانەکانت ئارام بکەوە. هەفتەی ئایندە ڕۆژی دووشەممە خۆت و جوجەڵەکان بچن بۆ تەپۆلکەکە و من و تاژی و توڵەکانیشم لە نزیک ئێوە خۆمان دەشارینەوە تا لە کاتی پێویستدا هێرش بکەینە سەر ڕێویەکە. تا ئەو ڕۆژە پێویستە تۆ ئەم کورتە هۆنراوەیە لەبەر بکەیت، تا کە ڕێویەکە هات، بە گۆرانی بیڵێ و ئەوسا من دەزانم کە ڕێویەکە نزیکە و توڵە و تاژەکانم دەنگ دەدەم تێیبەربن. هۆنراوەکە بەمجۆرەیە:

مام ئۆمەری دەربەندی،

بە خۆت و بە توڵە فەندی،

سەر بێنەدەر لە کەندی،

کەوڵی ڕێویت بە چەندی؟

دامریشک و جوجەڵەکان بەو بەڵێنییەی مام هۆمەر دنیایەک گەشانەوە و دامریشک بەڵێنیی دا بەپێی گەلاڵە و ڕێنوێنیەکانی مام هۆمەر بجوڵێتەوە. ڕۆژی دووشەممە بەیانیەکەی کە هێشتا هەوا تاریک بوو و ئەستێرەی ڕۆژێ ئاوا نەببوو، مام هۆمەر و تاژی و تولەکانی خۆیان لەژێر گژوگیاو و زەمەندی  سەر تەپۆلکەکە مەلاس داو چاوەڕێی هاتنی ڕێوی بوون. ئەوە بوو کە بەرەبەرە هەوا ڕووناکی کرد و دامریشک و جوجەڵەکانی گەیشتنە سەر تەپۆلکەکە و چاوەڕیی هاتنی ڕێوی بوون.

لە پڕێکدا ڕێوی گۆرین پەیدا بوو و یەکێک لە جوجەڵەکان بینی و بەدایکی وت: دایە، ڕێویەکە وا هات! دایکی وتی کوا، من نایبینم؟ جوجەڵەکە وتی: سەیر کە دایە، لە پشت ئەو بەردەوە سەری دەرهێناوە و بەرەو ئێرە دەڕوانێت. دامریشک وتی: ڕۆڵە گیان دەنگت بەرز مەکەوە. خەریکی خواردن و چینکە بە با بە پلانەکەمان نەزانێت و بێتە پێشەوە. ئەوە بوو کە مام ڕێوی گەیشتە جێ و دڵخۆش بوو بەوەی کە دامریشک جوجەڵەکانی هێناوە و وتی: بڕوانە، بڕوانە ،چەند خەپە و جوانن! هەر یەکەی بەشی دوو ژەمم دەکات! ئینجا لە دڵخۆشیان دەستی کرد بە گۆرانیوتن:

هەی چۆمە، چۆمە، چۆمە

دنیا بە کەیفی خۆمە،

لە دایک و لە جووجەلان،

سەرپشکم کێ دەخۆمە!

ئینجا ڕێوی بە یەکێک لە جوجەڵەکانی وت: ئادەی وەرە پێشەوە! لەگەڵ تۆمە، زەردە! وەرە، پێشەکی حەز دەکەم بە گۆشتە ناسکەکەی تۆ بەرچایی ئەمڕۆم دەست پێ بکەم. لەو کاتەدا دامریشک هۆنراوەکەی مام هۆمەری بە گۆرانی وت:

مام ئۆمەری دەربەندی،

بە خۆت و بە توڵە فەندی،

سەر بێنەدەر لە کەندی،

کەوڵی ڕێویت بە چەندی؟

ڕێوی بە بیستنی ئەو گۆرانیە ترسێکی زۆری لێ نیشت و وتی: مریشکە باڵبۆگەنیو، وا مەڵێ، دەترسم!

لەو کاتەدا مام هۆمەر لە مەتەرێز هاتە دەر و تاژی و توڵەکانی دە ڕێوی بەردان. بە دیتنی تاژی و توڵەکان مام ڕێوی سەرەتا وایزانی کابووسی بینیوە، بەڵام کاتێک تاژی و توڵەکان لێی نزیکبوونەوە، زانی کە دامریشک پلانی بۆ داناوە و خراپی لێ قەوماوە. ئیتر ڕێوی ئەوەندەی ترس ڕێنیشت، کە کلکی خۆی لێ باربوو و بە هەموو هێزیەوە قوچاندی؛ ڕێوی بەخێراییەکی وەها بۆی دەرچوو، کە لە چاوتروکانێکدا لە چاوان ئاوا بوو.


دوای هەڵاتنی ڕێوی، مام هۆمەر و تاژی و توڵەکانی و دامریشک و جوجەڵە جوانەکانی، بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ ئاوایی و ڕێوی بەدفەڕیش، هەرگیزا و هەرگیز نەیوێرا بۆ جارێکی تر، ڕووبکاتەوە ئەو دەڤەرە. منیش، کاڵەم دڕا و چیم پێ نەبڕا.



# Children of War

The war is here at home




The war has knocked out everythink

